# چاخەکانی ناوەند و ئێمە

**د. ئەحمەدی مەلا**

ئێمەی رۆژهەلاتیی زۆرجار، یا بە چاوێکی حەپاسەوەوە یا بە چاوێکی گومانەوە سەیری رۆژئاوامان کردووە. حەپەساو بەرامبەر گشت ئەو توانایانەی کە ئینسانی رۆژئاوا لە پێناو خۆی دا خستویتیەکار، هەر لە رژێمی سیاسییەوە تا دەگاتە بچووکترین پنت. بە چاوی گومانیشەوە سەیری رۆژئاوامان کردووە کاتێ لە دیدێکی ئەخلاقبازییەوە سەیری ئەوبەری خۆمانمان کردبێت.

دوو دیدی چەواشە لەلای ئینسانی ئێمە خەملاوە. ئەوەی کە زۆر گرینگ و بایەخدارە، پێویستمان بە خوێندنەوەی هەموو کەلینەکانی ئەو شارستانییەتەیە و پەروەرەکردنی دیدێکە کە بە چاوێکی تیژەوە و بە بێ حوکمی پێشوەخت، تێفکرین و بیرکردنەوەمان لە لا گەلاڵە بکات.

زۆرجار مێژوونووسان بە چاوێکی کەمبایەخەوەی سەیری چاخەکانی ناوەندی ئەورووپایان کردووە و بە قۆناغێکی تاریکئامێزیان لە قەڵەمداوە، چونکە دەسەڵاتی کلێسا گەیشتبووە ئەوپەری جەور و، مەوداکانی بیرکردنەوەیان هەند تەسک کردبووەوە کە تەنها ژیان لە نێوان ئاگری جەهەننەم و باخچەکانی بەهەشت دا وتای هەبووە. سەرەرای ئەوەی ئەم خوێندنەوە لە زۆر رووەوە راستە، بەڵام کاتێک وردتر دیققەت دەدەین و هەندێ شت لە بارەی ئەمۆری دو بێن دەخوێنینەوە، ئەو کات زۆر شتی گرینگ لە مەڕ سەرهەڵدانی بیرێکی تیژ و تێفکرینێکی دروست لەمەر وجوودەوە خۆی بەیان دەکات.
لە کۆتاییەکانی سەدەی دوانزە، گوندییەکی خەڵکی شارتر لە فەرەنسا، بە تێزەکانی ژان سکۆت ئێریژێنی فەیلەسووفی ئێکۆسیادا دەچێتەوە، یا رەوانتر هەمان رچەی وی هەڵدەگرێ.
دۆگمەکانی کلێسا دەخاتە ژێر پرسیار و تەجرەبەوە و دەڵێ ئەگەر بێت و لە خاچدانی مەسیح بە واتای لە گوناهپاکبوونەی بەشرییەت بگەیەنێ، هەموو هەوڵدانێکی دی، لە لای ئینسانەوە بۆ ئەوەی خۆی لە گوناه پاکاتەوە، بە پووچ دەزانێ. کەواتە "باتێمکردن"ی کۆرپە، واتە کردەی لەئاوهەڵکێشانیش واتاکانی ون دەکات، چونکە بە سێدارەدانی مەسیح، هیچ کۆرپەیەک ئیتر بە خەتاوە لە دایک نابێت. خواردنی نانی قوربانی و نوێکردنەوەی پەیمانی هەرزەکاران و چەورکردنی مردووان، پێش ناشتنیان وهتد یەک لە دووی ئەوی دیکە دەخاتە ژێر پرسیارەکانی عەقڵەوە.

پارێزەرانی ئەم دۆگمانە لە لایەن سیستەمێکی هەرەمی کە بە پاپا دەست پێدەکات و بە کەشیشێکی گوندێکی لاتەریکیش کۆتایی دێت، وەکو کۆشکێکی لە کاغەز دروستبوو دەرمێنێتە سەریەک. بە ئاشکراش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەم سیستەمە لە پیناوی خەلاسی بەشرییەت دروستنەکراوە، بەڵکو بۆ پاراستنی پایە و پەیوەستەکانی دامەزراوێکی بەرژەوەندئامێز بەرقەرار بووە.

ئەمۆری دو بێن، خاوەن زیهنی ئازاد دەڵێ، مەبەستی کاهینان دەسبەسەرداگرتنی هەژاران و کەمدرامەتانە، هەموو ئاداتەکانی ملکەچی تەمێکردن و کوێلەیی هیتران شک دەبەن.

گوناه كه به يه‌كێ له شادوگمه‌كانی ئاينی مه‌سيحييه‌ت ده‌زانرێبێت، ئينسان كه‌مده‌كاته‌وه چونكه هه‌ست به گوناهكردن جه‌سته ده‌كرۆژێ و ئينسان ده‌گه‌يه‌نێته ئاستی قێزكردنه‌وه له له‌شی خۆی.

ئه‌م جۆره خويندنه‌وه‌ی ئاينه له لايه‌ن پياوانی ئاين، له چاخه‌كانی ناوه‌ند، ته‌واو تێكده‌شكێنێ و ده‌يه‌وێ رووی روون و ته‌واوی ئاينی مه‌سيحييه‌ت ئاشكرا بكات. دامه‌زراندنی ئه‌م هه‌رمه‌ييه‌ته له پێناوی ئينساندا په‌يا نه‌بووه، به‌ڵكو بۆ ئه‌وه‌ی ره‌شمه و جڵه‌وه‌ی رۆحی ئينسان توند له چنگدا راگرێت.

كه‌واته ئه‌مۆری دو بێن، ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر ئه‌و رچه‌يه‌ی كه فه‌يله‌سووفی ئێكۆسيا به‌يانی كرد و پاشان سپينۆزای هۆڵه‌ندی هه‌مان ره‌وت ده‌گرێته به‌ر. بينين و بينای ئينسان له لێڵی ده‌سرێته‌وه. به ئاشكرا ده‌ڵێ يه‌زدان له هه‌موو شوێنێكه و له شوێنێكی تايبه‌تيش نييه، هه‌موو له‌حزه‌يه‌ک له واقيع هاوته‌ريبه له گه‌ڵ ئه‌و.

ژيان له مردن و ژيانه‌وه‌ی به‌رده‌وام دايه، هه‌موو شتێ ده‌مرێ و هه‌موو شتێكيش ده‌بووژێته‌وه. ژيان به كورتی ژيانه له گه‌ڵ يه‌زدان و به شێوه‌يه‌كی راسته‌خۆش له ناو ئه‌ودا ده‌ژين، كه‌واته چ پێوست به هه‌موو داموده‌ستانه ده‌كات كه ببنه چاساغی ميلله‌ت.

سه‌رتاپای ئه‌و دۆگمانه‌ی كه پياوانی كلێسا سه‌پانديانه سه‌ر خه‌ڵكی له كتێبی پيرۆزدا باسنه‌كراوه، چونكه كتێبی پيرۆز له شێوه‌ی سه‌مبۆل و به جۆرێكی په‌نهان باسی ئه‌م شتانه‌ی كردووه. جه‌هه‌ننه‌م مه‌رج نييه هه‌مان ئه‌و جه‌هه‌ننه‌مه بێت كه پياوانی كلێسا ئينسانيان پێ تۆقاندووه، به‌ڵكو جه‌هه‌ننه‌م هاوته‌ريب له گه‌ڵ جه‌هل و نه‌زانين دا راده‌وستێت. تا نه‌زانيی فراون بێت، هه‌نده زاری جه‌هه‌ننه‌م ده‌كرێته‌وه و به پێچه‌وانه‌شه‌وه.
كه‌واته نابێ ترس ببێته سه‌نگی مه‌حه‌ک بۆ گه‌ردن ئازادی ته‌واو. غه‌مباری و ترس و رارايی و په‌شيمانی و بێهيوايی رێگاچاره‌ی خه‌لاسبوون نين. ئا ئه‌مانه بوون، وانه‌كانی ئه‌مۆر دو بێن بۆ هاوجنسه‌كانی.

به‌ڵام چی رووی دا؟ تێزه‌كه‌ی ئه‌مۆری له لايه‌ن پاپه‌وه، له ساڵی ١٢٠٤
مه‌حكووم ده‌كرێت. ئه‌مۆری خۆی له ساڵی ١٢٠٧ چاو لێكده‌نێ. سكرتێر و هه‌ندێ له مورديده‌كانی، له ١٩ مانگی ١١ ی ساڵی ١٢٠٩ ده‌سووتێنرێن. چواريان بۆ هه‌تا هه‌تا ده‌خرێنه كوونی حه‌پسه‌وه. چه‌ند ساڵيک دواتر، لاشه‌كه‌ی ئه‌مۆری له گۆڕ ده‌ردێنن و ئێسک و پلووسكه‌كه‌ی كۆده‌كه‌نه‌وه و به ته‌واوی ده‌يهاڕن و پاشان به نێو گوفه‌ک و زبڵدان په‌رشوبلاوی ده‌كه‌نه‌وه. له پاڵ بيريارێكی ئازاد دا، ئا ئه‌مه بوو لێكدانه‌وی خۆشه‌ويستی بۆ نزيكی خۆ، له سه‌ده‌كانی ناوه‌ند.
چ ماوه بڵێين له‌وه زياتر كه ره‌وتی ئازاديی ئينسانی رۆژئاوا هه‌ر له سه‌ده‌كانی ناوه‌نده‌وه له لايه‌ن ئازاديخوهانی رووبينه‌وه به‌رقه‌راره. ده‌بێ خۆمان له هه‌موو گرێيكه‌ی خۆ به‌كه‌مزانين پاككه‌ينه‌وه و هه‌وڵی ئازادييه‌كی راسته‌قينه بده‌ين!

دانيشگای كاستيا لا مانچا–ئيسپانيا